وەزیری تەندروستی عێراق: ئامادەین بە دابینکردنی هەر پێداویستییەک بە چارەسەری بریندارانی رووداوەکەی سەران

وەزیری تەندروستی عێراق ئامادەیی خۆی دەربڕی بە هەر پێداویستییەک بە مەبەستی چارەسەری بریندارانی رووداوی ئاگرکوژێنەوەی باڵەخانەکەی ئیدارەی سەران.

ساڵح حەسناوی وەزیری تەندروستی عێراق، پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا و ئامادەیی بە هەر پێداویستی و هاوکاریکردن دەربڕی بە چارەسەرکردنی بریندارانی رووداوی ئاگرکوژێنەوە لە باڵەخانەیەکی سەران، کە بەهۆیەوە 14 کەس گیانیان لەدەستدا.

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاویکردووە، بە مەبەستی ئامادەیی بە هەر پێویستیەک و هاوکاریکردنی چارەسەری بریندارەکان، بەرەبەیانی ئەمڕۆ ساڵح حەسناوی وەزیری تەندروستی عێراق، پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.

وەڵامی دەبەینی دەگرانی و پرسە و سەرەخۆشی بە کەسوکاری قوربانیان و هاووڵاتیانی سەران بە رووداوی ئاگرکوتنەوە لە باڵەخانەی نیشتەجێبوون لە شاری سەران، ئامادەیی بە هەر پێویستێک بە چارەسەری بریندداران دەربڕی.

ئاماژە بەوەشکراوە، سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی دەرئەنجامی قوربانیانی رووداوەکەی سەران و جەر و هەکاری گیان لەدەستدان و ڕەوشی بریندارانی نەخۆشخانە و ڕەکارەکانی ئەنجامدراوی ڕوونکردەوە، سوپاسی هەوڵەست و هەماهەنگی و دەستپێشخەری پێیوەندی تەلەفۆنی وەزیری تەندروستی عێراقی کرد.